# جیاوازیی ژمارەکانی داهات و خەرجی لە نیوەی یەکەمی 2023دا لە عێراق

14-09-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ئەم جیاوازییانەی داهات و خەرجییەکان وەک ئەوەی لە بودجە ولە راپۆرتەکانی وەزارەتی داراییدا هاتووە لەلایەک و ئەو جیاوازییەی لە ژمارەکانی یاساکەدا هەیە، کە بەگشتی سەروو 1 تریلیۆن دینارە و بەتەنیاش لە بەشە بودجەی پارێزگای ئەنبار 30 ملیار دینارە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وردەکارییەکانی ئەو 65 دامەزراوە، وەزارەت و پارێزگایانەش وردتر بکرێتەوە شتی نوێ دەبینین.

## بەرایی

کۆتاییەکانی مانگی حوزەیران و سەرەتای تەممووزی ئەمساڵ هۆڵی پەرلەمانی عێراق جمەی دەهات لە پەرلەمانتاران بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2023 و دوو ساڵی داهاتوو. گفتوگۆکانی نێو پەرلەمان چڕ و درێژخایەن بوون و چەندین ڕۆژ تاوەکو بەرەبەیان بەردەوام بوون، بەڵام بەپێی یاساکە بێت، لەوانەیە گفتوگۆکان هێندەی سیاسی بووبێت، ئەوەندە ئابووری و وردبوونەوە لە ژمارەکان نەبووبێت. بۆ نموونە بەتەنیا لە کۆی گشتی خەرجییەکاندا جیاوازی 1 تریلیۆن و 258 ملیار دینار هەیە. ئەمەش بەسەر وەزارەتی دارایی، لیژنەی دارایی پەرلەمان، ئەنجومەنی باڵای ئابووریی عێراق و 327 پەرلەمانتاردا تێپەڕیوە(ل60-63). لەمەش سەرنجڕاکێشتر جیاوازی خەرجی پارێزگای ئەنبارە کە نەدەبوایە بەسەر سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی سوننە لە لیژنەی داراییدا تێپەڕێت، چونکە کۆی خەرجییەکانی پارێزگای ئەنبار بە 466 ملیار دینار دانراوە، بەڵام کاتێ کۆکراوەتەوە 436 ملیار دیناری بۆ نوسراوە. واتە تەنیا لە کۆکردنەوەی بودجەی تەرخانکراوی ئەم پارێزگایەدا 30 ملیار دینار جیاوازی هەیە!

بەپێی  بودجە سێ ساڵییەکە، خەرجییەکانی عێراق لە 2023 دا 198 تریلیۆن دینارە، واتە لەنیوەی یەکەمدا 99 تریلیۆن دینار خەرج دەکرێت، بەڵام لە شەش مانگی ڕابردوودا نیوەی ئەوەش خەرجنەکراوە. تەنانەت لەوانەیە ئەو کورتهێنانەی لە یاساکەدا باسدەکرێت ڕوونەدات، چونکە بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی لەبارەی خەرجی و داهاتەکانی عێراق بەپێی وەزارەتەکان، تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2023، کۆی خەرجییەکانی بەکارخستن و وەبەرهێنان گەیشتووەتە 47 تریلیۆن دینار و داهاتی نەوتی و نانەوتی لەسەرووی 54 تریلیۆن دینار بووە، واتە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 7 تریلیۆن دینار زیاددەی جیاوازی نێوان داهات و خەرجی بووە لە عێراق.

هەروەها، بەپێی بودجە پەسەندکراوەکە بۆ 2023، دەبوایە داهاتی نەوت ڕێژەی 87% و داهاتی نانەوتیش ڕێژەی 13%ی کۆی گشتی داهات پێکبهێنێت، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی، لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، داهاتی نەوتی ڕێژەی 99.2% و داهاتی نانەوتیش تەنیا ڕێژەی 0.8% کۆی گشتی داهاتیان پێکهێناوە!

خاڵیکی دیکەی پەیوەست بە داهاتی نەوتییەوە، جیاوازی نێوان ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی وەزارەتی نەوت و وەزارەتی داراییە لەبارەی ئەم داهاتەوە. بەشێوەیەک لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، داهاتی نەوت لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە 44.4 ملیار دۆلار، واتە 59.4 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام بەپێی وەزارەتی دارایی تەنیا 53.8 تریلیۆن دینار بووە . ئەمەش واتای ئەوەیە کە حەقدەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەر لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق، سەروو 5.5 تریلیۆن دینار بووە، ئەمەش بەبێ خەرجیەکانی وەزارەتی نەوت کە لەو شەش مانگەدا 728 ملیار دینار بووە.

لەکاتێکدا، بەپێی پرۆژەیاسای بودجە دەبوایە داهاتی نەوتی 57.6 تریلیۆن دینار بووایە، بەڵام 3.8 تریلیۆن دینار کەمترە لەو بڕەی کە بۆ عێراق ماوەتەوە، ئەمەش سەرەڕای فرۆشتنی بەرمیلێک نەوت بە تێکڕای 74.6 دۆلار لەو شەش مانگەدا، کە نزیکەی 5 دۆلار زیاترە وەک لەوەی لە بودجەدا هاتووە. هەربۆیەش بەدڵنیاییەوە نەبوونی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان و بەشدارینەکردنی لە پڕ کردنەوەی ئەو بڕەی لە بودجەدا هاتووە، وایکرد تێکڕای هەناردەکردنی ڕۆژانە لەو ماوەیەدا 3.29 ملیۆن بەرمیل بیت لە جیاتی 3.5 ملیۆن بەرمیل نەوت کە لە بودجە دا دانراوە.

لێرەدا و بە وردبوونەوە لە ژمارەکانی نێو بودجەی 2023، ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی نەوت هەڵوەستەیەک لەسەر جیاوازییەکان لە داهات و خەرجییەکان دەکەین.

## خەرجییەکان بەپێی بودجە و وەزارەتی دارایی لە نیوەی یەکەمی 2023 دا

ڕۆژی 12ی حوزەیرانی 2023، پەرلەمانی عێراق پرۆژەیاسای بودجە سێ ساڵییەکەی پەسەندکرد، کە بەپێی یاسای بودجەی 2023ی عێراق 198.9 تریلیۆن دینارە، کە نزیکەی سەرووی 64 تریلیۆن دیناری کورتهێنانی هەیە و بە قەرز پڕ دەکرێتەوە، ئەم یاسایە ڕۆژی 26ی حوزەیران لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراق بڵاوکراوەتەوە و ئەم داتایانەی لێرەدا خراوەتەڕوو لەوێیەوە وەرگیراوە.

لە لاپەڕە  60-63 دا، خەرجییەکان لەسەر ئاستی 65 دامەزراوە، وەزارەت و پارێزگا بۆ 2023 خراونەتەڕوو، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لە کۆی گشتی بودجەی خەرجکراودا، 1 تریلیۆن و 258 ملیار دینار جیاوازی هەیە. زۆرترین جیاوازیش لەکۆی بودجەی بەرنامەی تایبەتە کە دەگاتە 477 ملیار دینار.

هەروەها نەک تەنیا لە کۆکردنەوەی گشتییەکەدا جیاوازی هەیە، بەڵکوو لەو بودجەیەی بۆ پارێزگای ئەنباریش تەرخانکراوە جیاوازی هەیە،

بۆ نموونە بۆ پارێزگای ئەنبار 198.4 ملیار دینار وەک بودجەی بەکارخستن، 105 ملیار وەک بودجەی بەرنامەی تایبەت و 162 ملیار وەک بودجەی سەرمایە دانراوە، کە کۆی ئەم سیانە پێکەوە دەکاتە 466.3 ملیار دینار، بەڵام لە بودجە بڵاوکراوەکەدا تەنیا 436 ملیار دینار نوسراوە( ل 63).

ئەم جیاوازییانەی ژمارەکان کە لە یاسادا هەیە، پرسیارێکی جەوهەری دەوروژێنێت کە ئایا لە عێراق کار بە یاساکە دەکرێت؟ ئەگەر کاری پێدەکرێت، لەسەر چ بنەمایەک و بەکام ژمارە دەبێت، چونکە جگە لە جیاوازی و جیاکاری لە دابینکردنی پێداویستی و شێوازی تەرخانکردنی پارە بۆ دامەزراوە و وەزارەتەکان، ئەوا ژمارەکانیش یەک ناگرنەوە! (بڕوانە خشتەی یەکەم لە خوارەوە)

لەڕووی خەرجییەکانەوە، چەند ژمارەیەکی سەرنجڕاکیش هەیە کە وەک خەرجی لەماوەی 2023دا لە یاسادا هاتووە، بۆ نموونە کۆی خەرجییەکانی کۆمەڵەی زانستی عێراق کە لە چوارچێوەی بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار دایە، ساڵانە 6 ملیار دینارە، دوو دەستەی وەک دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهەش پێکەوە 223 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە. لەسەروو ئەمانەشەوە، دادگای باڵای فیدراڵی 15 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە بەپێی ڕاگەیاندراوێ لەم ڕۆژانەدا یەک لەسەر سێ ئەو پارەیەی بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل تەرخانکرووە، واتە بە بەهای 5 ملیار دینار خەرجییەکانی بۆ ئۆتۆمبێلە لە 2023 دا.

بەپێی یاسا بێت، ئەوا عێراق ئەمساڵ 198.8 تریلیۆن دینار خەرجدەکات، بەڵام  ئەگەر خەرجییەکان خێرا نەکرێن، ئەوا ئەو 198.9 تریلیۆن دینارەی لەبودجەدا هاتووە نیوەشی خەرج ناکرێت، چونکە لە چوار وەرزی ساڵ تەنیا وەرزێکی ماوە و، لە 11ی تەمموز دا ئەنجومەنی وەزیران ڕێنماییەکانی بودجەی پەسەندکرد و لە 7ی ئابی 2023دا لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوکرایەوە.

جیاوازییەکی دیکەش، خەرجییەکانە لەنێوان یاساکە و ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی بۆ دامەزراوە، وەزارەت و پارێزگاکان کە هەندێکیان وەک ئەوەی لە بودجەکەدا هاتووە بەنزیکەیی خەرجکراوە، هەندێکی دیکەشیان نەک نیوە بگرە هیچی بۆ خەرجنەکراوە. بۆ نموونە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا دەبوایە 99 تریلیۆن دینار خەرج بکرایە، کەچی 47 تریلیۆن دینار خەرجکراوە، هەربۆیەش ئەگەر خەرجییەکان وەک ئەوەی پرۆژەیاسای بودجە بێت، ئەوا دەبێت لەنیوەی دووەمی ئەمساڵدا خەرجییەکان نەک دوو هێندە بەڵکوو سێ هێندە بکرێت.

**خشتەی 1: خەرجییەکان بەپێی پرۆژەیاسای بودجە 2023 بۆ دامەزراوە، وەزارەتەکان و پارێزگاکان /هەزار دینار**

## بودجەی وەزارەتەکان 2023

| کۆی گشتی /هەزار - دینار | کۆی سەرمایە/هەزار دینار | ۆی بەرنامەی تایبەت/ هەزار - دینار | قەرز/ هەزار دینار | کۆی بەکارخستن /هەزار - دینار | وەزارەتەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 418,872,567 | 35,107,000 | 0 | 0 | 383,765,567 | ئەنجومەنی نوێنەران |
| 29,723,128 | 1,737,538 | 548,920 | 0 | 27,436,670 | دەستەی نیشتمانی بۆ لێپرسینەوە و دادگەری |
| 60,686,321 | 0 | 0 | 0 | 60,686,321 | دەستەی داواکاری موڵکی گشتی |
| 111,432,052 | 10,308,472 | 1,701,000 | 0 | 99,422,580 | دەستەی چاودێری دارایی |
| 112,863,768 | 15,225,000 | 0 | 0 | 97,638,768 | دەستەی نەزاهەی ئیتحادی |
| 35,453,599 | 0 | 3,240,000 | 0 | 32,213,599 | ئەنجومەنی باڵای مافی مرۆڤ |
| 59,201,602 | 22,700,000 | 0 | 0 | 36,501,602 | ئەنجومەنی باڵای خزمەتگوزاری ئیتحادی |
| 94,200,000 | 11,000,000 | 0 | | 83,200,000 | سەرۆکایەتی کۆمار |
| 6,043,663 | 1,026,000 | 0 | | 5,017,663 | کۆمەڵەی زانستی عێراق |
| 920,348,249 | 695,725,397 | 150,307,524 | 0 | 74,315,328 | دیوانی ئەنجومەنی وەزیران |
| 1,228,242,934 | 516,137,063 | 477,000,000 | 0 | 235,105,871 | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران |
| 229,149,978 | 18,537,770 | 0 | 0 | 210,612,208 | مەکتەبی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران |
| 8,940,371 | 0 | 0 | 0 | 8,940,371 | سەرۆکایەتی فرقەی تایبەت (2هەزار ئەندام) |
| 990,152,585 | 497,599,293 | 477,000,000 | 0 | 15,553,292 | شوێنی دیکەی پەیوەست بە ئەنجومەنی وەزیران و سندوقی دانکردنەوە ناوچە زیان لێکەوتووەکان لە ئۆپراسیۆنی تیرۆر |
| 401,237,186 | 32,590,000 | 16,000,000 | 0 | 352,647,186 | ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی |
| 3,103,786 | 169,843 | 0 | 0 | 2,933,943 | ەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی ماددەی تیشکدەر |
| 1,459,953,660 | 320,000,000 | 0 | 0 | 1,139,953,660 | دیوانی وەقفی شیعی |
| 439,965,560 | 85,397,834 | 0 | 0 | 354,567,726 | دیوان وەقفی سوننی |
| 13,378,696 | 5,511,000 | 0 | 0 | 7,867,696 | دیوانی ئەوقافی دینی مەسیحی، ئیزدی و سابیی و مەندائی |
| 307,542,798 | 48,844,000 | 0 | 0 | 258,698,798 | ئاژانسی هەواڵگیری نیشتمانی عێراق |
| 14,139,735 | 3,000,000 | 0 | 0 | 11,139,735 | دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان |
| 29,053,475 | 500,000 | 0 | 0 | 28,553,475 | زانکۆ و کولێژی ئیمام ئەعزەم |
| 27,934,389 | 500,000 | 0 | 0 | 27,434,389 | کولێژی ئیمام کازم بۆ زانستی ئیسلامی |
| 354,463,953 | 12,172,625 | 0 | 0 | 342,291,328 | دەزگای شەهیدان |
| 130,825,244 | 2,787,205 | 0 | 0 | 128,038,039 | دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکان |
| 797,853,719 | 102,798,464 | 0 | 0 | 695,055,255 | ئاژانسی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر |
| 98,793,230 | 411,706 | 0 | 0 | 98,381,524 | دەستەی ناوچە سنوورییەکان |
| 3,743,703,290 | 173,666,909 | 0 | 0 | 3,570,036,381 | دەستەی حەشدی شەعبی |
| 324,138,920 | 203,400,000 | 0 | 0 | 120,738,920 | دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی |
| 283,078,900 | 32,000,000 | 0 | 0 | 251,078,900 | دەستەی چاککردنەوەی سەربازی |
| 14,960,050 | 1,230,000 | 0 | 0 | 13,730,050 | سندوقی گەڕاندنەوەی سامانی عێراق |
| 36,020,000 | 4,337,000 | 2,920,000 | 0 | 28,763,000 | دەستەی کڵاوەی ئەتۆمی |
| 837,318,177 | 44,673,755 | 0 | 0 | 792,644,422 | وەزارەتی دەرەوە |
| 39,204,615,207 | 387,353,401 | 28,274,027 | 12,350,981,021 | 26,438,006,758 | وەزارەتی دارایی |
| 13,887,487,961 | 911,651,565 | 23,662,113 | 0 | 12,952,174,283 | وەزارەتی ناوخۆ |
| 6,020,593,244 | 9,888,000 | 7,802,057 | 0 | 6,002,903,187 | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| 9,903,178,252 | 806,676,664 | 1,110,259,739 | 0 | 7,986,241,849 | وەزارەتی تەندروستی |
| 9,763,710,625 | 1,926,603,546 | 14,234,261 | 0 | 7,822,872,818 | وەزارەتی بەرگری |
| 1,000,096,457 | 128,326,747 | 3,000,000 | 0 | 868,769,710 | وەزارەتی داد |
| 11,896,363,654 | 233,528,052 | 26,443,015 | 0 | 11,636,392,587 | وەزارەتی پەروەردە |
| 193,927,316 | 75,000,000 | 1,988,000 | 0 | 116,939,316 | وەزارەتی لاوان و وەرزش |
| 7,236,985,696 | 17,595,000 | 0 | 0 | 7,219,390,696 | وەزارەتی بازرگانی |
| 227,792,936 | 45,000,000 | 10,273,500 | 0 | 172,519,436 | وەزارەتی رۆشنبیری |
| 2,834,067,429 | 2,753,300,000 | 1,085,000 | 0 | 79,682,429 | وەزارەتی گواستنەوە |
| 4,960,260,936 | 3,784,407,000 | 600,000,000 | 0 | 575,853,936 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و شارەوانی گشتی |
| 1,938,129,910 | 494,837,765 | 10,170,000 | 0 | 1,433,122,145 | وەزارەتی کشتووکاڵ |
| 1,042,616,278 | 476,186,134 | 114,183,000 | 0 | 452,247,144 | وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو |
| 23,287,261,007 | 15,804,566,000 | 0 | 0 | 7,482,695,007 | وەزارەتی نەوت |
| 7,370,855,675 | 7,297,189,050 | 0 | 0 | 73,666,625 | وەزارەتی پلاندانان |
| 1,120,766,089 | 183,575,350 | 0 | 0 | 937,190,739 | وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان |
| 3,160,212,068 | 274,450,700 | 13,000,000 | 0 | 2,872,761,368 | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| 15,500,775,915 | 3,890,565,702 | 0 | 0 | 11,610,210,213 | وەزارەتی کارەبا |
| 153,818,374 | 2,515,250 | 0 | 0 | 151,303,124 | وەزارەتی پەیوەندییەکان |
| 112,022,586 | 40,579,768 | 20,000,000 | 0 | 51,442,818 | وەزارەتی ژینگە |
| 356,550,092 | 5,271,821 | 150,000,000 | 0 | 201,278,271 | وەزارەتی ئاوارە و کۆچبەران |
| 16,497,871,089 | 2,669,208,048 | 0 | 400,000,000 | 13,428,663,041 | هەرێمی کوردستان |
| 60,854,381 | 2,228,032 | 0 | 0 | 58,626,349 | ئەنجومەنی نیوخۆی پارێزگاکان |
| 275,826,275 | 196,678,954 | 45,000,000 | 0 | 34,147,321 | سەرپەرشتیاری گشتی و نیوخۆی پارێزگای کەرکوک |
| 620,958,050 | 15,963,550 | 380,455,000 | 0 | 224,539,500 | ئەنجومەنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان |
| 18,467,390 | 391,200 | 0 | 0 | 18,076,190 | دەستەی وەبەرهێنانی پارێزگاکان |
| 2,548,825 | 26,036 | 259,200 | 0 | 2,263,589 | دەستەی پاراستنی دارایی |
| 199,778,174 | 197,862,000 | 0 | 0 | 1,916,174 | سندوقی بنیاتنانەوەی پارێزگای زیقار |
| 2,148,723,775 | 1,666,618,452 | 137,241 | 0 | 481,968,082 | پارێزگای بەسرە |
| 604,074,518 | 323,835,308 | 105,000,000 | 0 | 175,239,210 | پارێزگای نەینەوا |
| 719,144,663 | 556,009,360 | 0 | 0 | 163,135,303 | پارێزگای بەغدا |
| 360,824,468 | 246,170,505 | 0 | 0 | 114,653,963 | پارێزگای زیقار |
| 286,692,042 | 122,197,774 | 24,624,489 | 0 | 139,869,779 | پارێزگای دیالە |
| 478,601,981 | 261,943,095 | 38,216,800 | 0 | 178,442,086 | پارێزگای بابل |
| 466,305,485 | 162,854,858 | 105,000,000 | 0 | 198,450,627 | پارێزگای ئەنبار |
| 421,284,961 | 310,790,637 | 0 | 0 | 110,494,324 | پارێزگای میسان |
| 285,619,651 | 166,623,275 | 0 | 0 | 118,996,376 | پارێزگای واست |
| 217,828,280 | 103,817,677 | 0 | 0 | 114,010,603 | پارێزگای نەجەف |
| 282,831,267 | 127,085,231 | 0 | 0 | 155,746,036 | پارێزگای دیوانیە |
| 162,955,844 | 88,584,719 | 0 | 0 | 74,371,125 | پارێزگای موسەننا |
| 195,871,433 | 79,779,006 | 0 | 0 | 116,092,427 | پارێزگای کەربەلا |
| 323,662,377 | 123,626,878 | 102,000,000 | 0 | 98,035,499 | پارێزگای سەلاحەدین |
| 8,467,829 | 1,527,760 | 0 | 0 | 6,940,069 | ئەنجومەنی دەوڵەت |
| 714,886,347 | 21,700,000 | 500,000 | 0 | 692,686,347 | ئەنجومەنی باڵای دادوەری |
| 15,153,950 | 837,000 | 0 | 0 | 14,316,950 | دادگای باڵای فیدراڵی |
| 4,490,177 | 2,000,000 | 0 | 0 | 2,490,177 | دەستەی گشتی چاودێریکردنی تایبەت بە داهاتی فیدراڵی |
| 200,168,586,524 | 49,896,520,744 | 4,064,284,886 | 12,750,981,021 | 133,456,799,873 | کۆی گشتی |
| 198,910,343,590 | 49,350,383,681 | 3,587,284,886 | 12,750,981,021 | 133,221,694,002 | کۆی گشتی بەگوێرەی بودجەی بڵاوکراوە |
| 1,258,242,934 | 546,137,063 | 477,000,000 | 0 | 235,105,871 | جیاوازی |

بەپێی [ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی](#) تاوەکو کۆتایی حوزەیران 2023، کۆی خەرجییەکان گەیشتووەتە 47.8 تریلیۆن دینار، کە 41 تریلیۆن دینار بودجەی بەکارخستن (تشغیلی)ی بووە و 6 تریلیۆن دیناری بودجەی وەبەرهێنان بووە، وەکو لە خشتەی 2دا هاتووە. لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا زۆرترین پارەی تەرخانکراو لە بودجەی بەکارخستن لەدوای وەزارەتی دارایی کە 10.8 تریلیۆن دینار بووە، وەزارەتی ناوخۆ بە بڕی 5.9 تریلیۆن دینار بەپلەی دووەم و وەزارەتی پەروەردە بە 4.6 تریلیۆن دینار بەپلەی سێیەم دێت.

**خشتەی 2: خەرجییەکان بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی تاوەکو کۆتایی حوزەیران 2023 بە دینار**


| یەکخستنەوەی ئەژمێرەکانی (حسابات) حکومەت لەسەر بودجەی فیدراڵی تاوەکو مانگی حوزەیران 2023 | | | |
|---|---|---|---|
| ڕاپۆرتی خەرجییە ڕاستەقینەکان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان بەپێی پۆلێنکردنی کارگێری (مانگی حوزەیران 2023) | | | |
| ناوی وەزارەتەکان | بودجەی ئێستا (خەرجکراو) | بودجەی وەبەرهێنان | کۆی گشتی بودجەی خەرجکراو |
| ئەنجومەنی نوێنەران | 267,683,016,222 | 254,073,475 | 267,937,089,697 |
| سەرۆکایەتی کۆمار | 25,827,440,070 | 0 | 25,827,440,070 |
| ئەنجومەنی وەزیران | 3,105,786,025,180 | 1,252,295,542,030 | 4,358,081,567,210 |
| وەزارەتی دەرەوە | 76,580,949,787 | 42,133 | 76,580,991,920 |
| وەزارەتی دارایی | 10,876,181,030,589 | 10,113,517,230 | 10,886,294,547,819 |
| وەزارەتی ناوخۆ | 5,924,499,982,978 | 3,811,213,241 | 5,928,311,196,219 |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 2,032,868,137,623 | 0 | 2,032,868,137,623 |
| وەزارەتی تەندروستی و ژینگە | 2,782,765,093,439 | 91,623,145,513 | 2,874,388,238,952 |
| وەزارەتی بەرگری | 3,420,380,762,240 | 0 | 3,420,380,762,240 |
| وەزارەتی داد | 323,627,317,785 | 16,109,291,730 | 339,736,609,515 |
| وەزارەتی پەروەردە | 4,609,268,852,326 | 75,072,721,514 | 4,684,341,573,840 |
| وەزارەتی لاوان و وەرزش | 45,069,959,264 | 4,121,198,402 | 49,191,157,666 |
| وەزارەتی بازرگانی | 3,382,934,204,701 | 424,516,000 | 3,383,358,720,701 |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری | 52,742,105,386 | 150,406,050 | 52,892,511,436 |
| وەزارەتی گواستنەوە | 21,540,107,076 | 800,605,110,288 | 822,145,217,364 |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و شارەوانی گشتی | 115,470,058,591 | 365,890,419,637 | 481,360,478,228 |
| وەزارەتی کشتوکاڵ | 69,250,077,962 | 202,123,928 | 69,452,201,890 |
| وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو | 143,665,371,034 | 380,946,234,606 | 524,611,605,640 |
| وەزارەتی نەوت | 422,664,581,854 | 305,850,718,681 | 728,515,300,536 |
| وەزارەتی پلاندانان و | 23,017,565,946 | 5,145,644,882 | 28,163,210,828 |
| وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان | 425,723,536,162 | 54,396,624,722 | 480,120,160,884 |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | 1,121,059,044,787 | 16,941,765,593 | 1,138,000,810,380 |
| وەزارەتی کارەبا | 1,145,677,405,923 | 201,309,346,703 | 1,346,986,752,626 |
| وەزارەتی پەیوەندییەکان | 5,798,362,625 | 0 | 5,798,362,625 |
| وەزارەتی ژینگە | 21,627,122,474 | 0 | 21,627,122,474 |
| وەزارەتی ئاوارە و کۆچبەران | 28,876,037,479 | 0 | 28,876,037,479 |
| فەرمانگە سەربەخۆکان | 118,307,248,538 | 163,078,258,028 | 281,385,506,566 |
| پارێزگای بەسرە | 142,811,975,350 | 662,255,527,008 | 805,067,502,358 |
| پارێزگای نەینەوا | 82,164,839,961 | 289,372,709,382 | 371,537,549,343 |
| پارێزگای بەغدا | 71,239,898,387 | 196,826,922,001 | 268,066,820,388 |
| پارێزگای زیقار | 61,941,119,202 | 178,099,550,232 | 240,040,669,434 |
| پارێزگای دیالە | 57,468,511,932 | 78,463,186,593 | 135,931,698,525 |
| پارێزگای بابل | 83,804,505,018 | 30,501,030,719 | 114,305,535,737 |
| پارێزگای ئەنبار | 134,010,764,650 | 189,342,529,770 | 323,353,294,420 |
| پارێزگای میسان | 34,579,525,678 | 90,482,076,232 | 125,061,601,910 |
| پارێزگای واست | 52,693,018,710 | 134,993,390,549 | 187,686,409,259 |
| پارێزگای نەجەف | 54,977,293,621 | 111,688,585,700 | 166,665,879,321 |
| پارێزگای دیوانیە | 58,783,164,671 | 51,386,568,033 | 110,169,732,704 |
| پارێزگای موسەننا | 32,831,693,476 | 69,936,973,807 | 102,768,667,283 |
| پارێزگای کەربەلا | 49,118,228,797 | 202,613,655,503 | 251,731,884,300 |
| پارێزگای سەلاحەدین | 53,276,227,758 | 0 | 53,276,227,758 |
| ئەنجومەنی دەوڵەت | 2,346,179,356 | 0 | 2,346,179,356 |
| ئەنجومەنی باڵای دادوەری | 202,499,811,266 | 320,868,600 | 202,820,679,866 |
| دادگای باڵای فیدراڵی | 2,349,087,003 | 0 | 2,349,087,003 |
| دەستەی گشتی چاودێریکردنی تایبەت بە داهاتی فیدراڵی | 208,921,320 | 0 | 208,921,320 |
| کۆی گشتی | 41,765,996,164,198 | 6,034,625,488,513 | 47,800,621,652,711 |

لەم شەش مانگەدا زۆرترین خەرجی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە کە بڕەکەی 1.2 تریلیۆن دینارە، ئەمەش لەکاتێکدا بەپێی یاسای بودجەی 2023، جگە لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و مەکتەبی سەرۆکوەزیران، 20 شوێنی دیکە بە گۆژمەی 7.9 تریلیۆن دینار پارەی بۆ تەرخانکراوە، لەنێویاندا نوسینگەی سەرۆکوەزیران 229 ملیار، دیوانی ئەنجومەنی وەزیران 920 ملیار

و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران 1.2 تریلیۆن دینار. هەربۆیەش لەنێو ئەو 45 شوێنەی كە وەزارەتی دارایی خەرجییەكانی بۆ شەش مانگی رابردوو بڵاوكردووەتەوە، ئەنجومەنی وەزیران تاكە شوێنە كە لەكۆی 5.9 تریلیۆن دینار، توانیویەتی 4.3 تریلیۆن دینارلەنیوەی یەكەمی ئەمساڵدا خەرج بكات، واتە بەڕێژەی 72% بودجەكەی بووە. بڕوانە گرافیكی یەكەم.

خاڵێكی دیكەی زۆر سەرنجڕاكیش پەیوەستە بە خەرجییەكان كە لە پرۆژەیاسای بودجە و راپۆرتەكانی وەزارەتی دارایی هەیە، پەیوەستە بە هەرێمی كوردستان كە لەنێو ئەو 45 شوێنەدا تەنیا ئەو پشك و بەشەی بەر هەرێمی كوردستان كەوتووە لە وەزارەتی دارایی سفرە یاخود هیچ بڕە پارەیەكی بۆ شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ بۆ خەرج نەكراوە، كە هیچ نەبوایە دەبوایە نیوەی بودجەی بەكارخستنی لەو شەش مانگەدا بۆ خەرجبكرێت، بەتایبەتیش بۆ چارەكی دووەم یاخود بۆ مانگەكانی 4-5-6 كە هەناردەكردنی نەوت راگیرابوو.

**گرافیك 1: خەرجی چەند دامەزراوە و وەزارەتێك لەنێوان بودجە و وەزارەتی دارایی بۆ شەش مانگی یەكەمی 2023**




## داهاتەكان بەپێی بودجە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەوت لە نیوەی یەكەمی 2023 دا

7 سەرچاوەی داهات لە بودجە و راپۆرتەكانی وەزارەتی دارایی ئاماژەی بۆ كراوە، بەڵام لەڕاستیدا و بەپێی ژمارەكان، داهاتی عێراق تەنیا لە نەوتەوە دێت و، بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی رێژەی 99% كۆی گشتی داهاتی لە شەش مانگی یەكەمی 2023 بۆ عێراق لەو سەرچاوەیەوە هاتووە، بۆیەش داهاتەكانی عێراق وەك خەرجییەكان فرەچەشن و ئاڵۆز نییە، بەڵكو بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەكردنی نەوت و وەرگرتنەوە پارەكەیە بە دۆلار، كە دوای دەركردنی حەقدەستی كۆمپانیاكان و گۆڕینەوە بە دینار لە بانكی ناوەندی بۆ وڵات دەمێنێتەوە.

بەپێی راپۆرتەكانی وەزارەتی دارایی لە شەش مانگی یەكەمی ئەمساڵدا 53.8 تریلیۆن داهاتی نەوت بووە، كە لە بودجەدا وادانراوە داهاتی نەوت 58.6 تریلیۆن دینار بێت، ئەمەش بەواتای كورتهێنانی 4.7 تریلیۆن دینار دێت، كە بەدڵنیاییەوە ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت لە

سەرووی ئەو نرخەوە نەبوایە کە لە بودجەدا هاتووە، جیاوازییەکە چەند هێندە دەبوو. خاڵی سەرەکی ئەم جیاوازییەش بەهۆی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوەیە، کە لە بودجەکەدا بە بەشداریی 400 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە هەژمارکراوە، بەڵام لە 25ی ئاداری 2023وە تاوەکو ئێستا ڕاگیراوە.

لەڕووی داهاتی نانەوتییەوە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، بەپێی بودجەکە دەبوایە داهاتی نانەوتیی عێراق 8.6 تریلیۆن دینار بووایە، بەڵام لەو ماوەیەدا داهاتی نانەوتی عێراق ناقس(-) بووە، بەهۆی زیانی ئاڵوگۆڕی دراو. کۆی گشتی داهاتی نانەوتی 1.9 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام وەزارەتی دارایی نیشانەی کەمکردنی لە بەردەم داهاتی گۆڕینەوەی دراو داناوە و لەوماوەیەدا 2.14 تریلیۆن دینار بووە، لەکاتێکدا لە بودجەکەدا دەبوایە 413 ملیار دینار لە داهاتی ئاڵوگۆڕی دراوە بهاتبایەتە سەر داهاتی نانەوتی، وەکو لە خشتەی 3 دا هاتووە.

**خشتەی 3: داهاتی نەوتی و نانەوتی لەنیوەی یەکەمی 2023 دا بەپێی وەزارەتی دارایی و بودجەی 2023**

| داهاتەکان /نیوەی یەکەمی 2023/ دینار | | | |
|---|---|---|---|
| **داهات جۆرەکانی** | **بەپێی بودجە/دینار** | **بەپێی وەزارەتی دارایی /دینار** | **جیاوازی نێوانیان/ دینار** |
| **داهاتی نەوت و سەرمایەی کانزاکان** | **58,626,250,000,000** | **53,887,299,711,339** | **4,738,950,288,661** |
| **باجی داخڵکردنی کاڵا** | **3,178,549,879,500** | **782,372,724,248** | **2,396,177,155,252** |
| **باجی هاوردەکردنی کاڵا و رسوماتی بەرهەمهێنان** | **1,365,741,508,500** | **422,515,551,896** | **943,225,956,604** |
| **رسومات** | **899,593,980,500** | **610,580,283,467** | **289,013,697,033** |
| **پشکی بودجە لە قازانجی کەرتی گشتی** | **1,650,000,000,000** | **213,439,917,858** | **1,436,560,082,142** |
| **داهاتی ئاڵوگۆڕی دراو** | **432,829,419,000** | **-2,142,885,417,946** | **2,575,714,836,946-** |
| **داهاتی دیکە** | **1,082,994,744,000** | **505,956,584,683** | **577,038,159,317** |
| **کۆی  داهاتی ئێستا** | **67,235,959,531,500** | **54,279,279,355,544** | **12,956,680,175,956** |
| **داهاتی سەرمایەکان** | **40,500,000,000** | **29,060,469,216** | **11,439,530,784** |
| **کۆی گشتی داهات** | **67,276,459,531,500** | **54,308,339,824,760** | **12,968,119,706,740** |

لەڕاستیدا، بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوت، کۆی گشتی داهاتی نەوتی عێراق لەماوەی نیوەی یەکەمی 2023دا گەیشتووەتە 59 تریلیۆن دینار، واتە سەرڕێژی ئەوەی کردووە کە لە بودجەدا هاتووە، بەڵام ئەوە پێش خەرجی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان و خەرجییەکانی دیکەی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنەوە بووە.

لەماوەی نیوەی یەکەمی 2023 دا، کۆی داهاتی نەوت کە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق گەڕاوەتەوە، تەنیا 53.8 تریلیۆن بووە، واتە داهاتی پووختی دەوڵەت بووە لە نەوت و کانزاکانەوە، لەکاتێکدا بەپێی وەزارەتی نەوت، کۆی داهات لەو ماوەیەدا 44.4 ملیار دۆلار بووە کە دەکاتە 59.4 تریلیۆن دینار، بەشێوەیەک لەماوەی ئەو شەش مانگەدا عێراق 595 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، بەتێکڕای ڕۆژانەی 3.29 ملیۆن بەرمیل و نرخی هەر بەرمیلێک 74.66 دۆلار بووە، وەکو لە خشتەی 4دا هاتووە.

**خشتەی 4: وردەکارییەکانی داهاتی نەوت بەگوێرەی بڵاوکراوەکانی  وەزارەتی نەوت لەنیوەی یەکەمی 2023**

| هەناردەکردنی نەوت لە شەش مانگی یەکەمی 2023 دا | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگ | بڕی هەناردەکراو/بەرمیل | تیکڕای ڕۆژانە/ ملیۆن بەرمیل | هەناردەی ناوەڕاست و باشووری عێراق/بەرمیل | هەناردەکراو لەڕێگەی جەیهان - کێڵگەکانی کەرکوک/بەرمیل | هەناردەکراو لەڕێگەی ئۆردن/بەرمیل | هەناردەکراو لە کێڵگەی گەیارەوە/بەرمیل | داهات /ملیار دۆلار | تێکڕای نرخی بەرمیلێک/دۆلار | داهات /ملیار دینار |
| کانوونی دووەم* | 101,245,095 | 3.266 | 98,460,050 | 309,529 | 2,475,516 | 0 | $7.663 | $75.695 | د.ع. 11,187.98 |
| شوبات | 92,255,610 | 3.295 | 89,140,448 | 2,834,393 | 280,769 | 0 | $7.063 | $76.566 | د.ع. 9,518.26 |
| ئادار | 100,913,027 | 3.255 | 98,875,692 | 1,727,494 | 309,841 | 0 | $7.506 | $74.385 | د.ع. 9,757.80 |
| نیسان** | 98,634,947 | 3.288 | 98,634,947 | 0 | 0 | 0 | $7.699 | $78.058 | د.ع. 10,008.70 |
| ئایار | 102,463,387 | 3.305 | 102,206,413 | 0 | 256,974 | 0 | $7.325 | $71.485 | د.ع. 9,522.50 |
| حوزەیران | 100,059,052 | 3.335 | 98,725,620 | 0 | 299,445 | 1,033,987 | $7.180 | $71.755 | د.ع. 9,405.41 |
| کۆی گشتی | 595,571,118 | 3.29 | 586,043,170 | 4,871,416 | 3,622,545 | 1,033,987 | $44.44 | $74.66 | د.ع. 59,400.65 |

**سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق، بڵاوکراوەیە مانگانە لەبارەی هەناردەکردن، داهات و نرخی نەوت**

**تێبینی : نرخی دۆلار بۆ دینار لە مانگی 1 تاوەکو 7ی شوبات بە 1450 دینار، لەو ڕۆژە بەدواوە بە 1310 دینار دانراوە بۆ گۆڕینی دۆلار بە دینار.**

نزیکەی 5.5 تریلیۆن دینار جیاوازی لەنێوان ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەوتی عێراق لەماوەی شەش مانگی یەکەمی 2023 دا هەیە، بەشێوەیەک بەرزترینی لە نیسانی 2023دایە کە 1.6 تریلیۆن دینار بووە و نزمترینی لە شوبات بووە کە 596 ملیار دینار بووە.

خشتەی 5: جیاوازی داهاتی نەوت لەنێوان ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەوتی عێراق لەنیوەی یەکەمی 2023 دا

| مانگەکان | داهاتی نەوت/ وەزارەتی نەوت /تریلیۆن دینار | داهاتی نەوت وەزارەتی دارایی/تریلیۆن دینار | جیاوازی نێوانیان وەزارەتی دارایی و نەوت/تریلیۆن دینار |
|---|---|---|---|
| **کانوونی دووەم** | 11.188 | 10.286 | **0.902** |
| **شوبات** | 9.518 | 8.922 | **0.596** |
| **ئادار** | 9.758 | 9.045 | **0.713** |
| **نیسان** | 10.009 | 8.354 | **1.655** |
| **ئایار** | 9.523 | 8.856 | **0.667** |
| **حوزەیران** | 9.405 | 8.425 | **0.980** |
| **کۆی گشتی** | 59.401 | 53.887 | **5.513** |

ئەگەر ئەو جیاوازییەی نێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی بە حەقدەستی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان و تێچووی بەرمیلیک نەوت دابنێین، ئەوا لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا تێچووی بەرمیلێک نەوت لە عێراق لە 7.1 دۆلار بۆ 7.8 دۆلار بووە، لەکاتێکدا ئەم بڕە جیاوازە لەو خەرجییەی لە بودجەی 2023دا بۆ وەزارەتی نەوت دانراوە کە بڕەکەی 23.2 تریلیۆن دینارە و بەتەنیا لە بودجەی بەکارخستندا 7.4 تریلیۆن دیناری بۆ دانراوە!

لەسەروو ئەمانەشەوە، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە دەرەوەی ئەو بڕە پارەیەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لەنێو ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی بڕی 728 ملیار دیناری دیکە خەرجی وەزارەتی نەوت بووە، کە کە 422 ملیار بۆ بودجەی بەکارخستن و 305

ملیار بۆ وەبەرهێنان بووە.

لە یاسای بودجەی 2023دا کە بۆ دوو ساڵی داهاتووشە، داهاتی نەوتی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بە 117.2 تریلیۆن دینار دانراوە، کە وادانراوە عێراق ڕۆژانە 3.5 ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات. بە جۆرێک 3.1 ملیۆن بەرمیلی لەلایەن بەغدا و 400 هەزار بەرمیلی لەلایەن هەولێرەوە بێت، بەڵام دوای ڕاگرتنی هەناردەکردن و نەگەشتنە ڕێککەوتنی ئەنقەرە و بەغدا، پێناچێت ئەم 400 هەزارە بەشداری لە هەناردەکردن بکات وەکو ئەوەی لە بودجەدا هاتووە کە بۆ شەش مانگی ڕابردوو 72.4 ملیۆن بەرمیل و بۆ چارەکی دووەمی ساڵ واتە مانگەکانی 4-5-6 نزیکەی 36.4 ملیۆن بەرمیل نەوت.

بەگشتی و لەو شەش مانگەدا بەپێی بودجەکە و بەپێی تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق، بە بڕی 5.4 ملیار دۆلار زیان بەر بودجەی عێراق کەوتووە، ئەگەریش بەپێی نرخی نەوت لە بودجەدا بێت، ئەوا 5.04 ملیار دۆلار زیان بەر عێراق کەتووە، هەرچەندە تاوەکو ئێستاش کە نزیکەی دوو مانگ و 10 ڕۆژ لەنیوەی دووەمی ساڵ تێپەڕیوە، نازانرێت هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە یاخود نا؟ بڕوانە خشتەی 5 لەبارەی داهاتی نەوت بەگوێرەی بودجەی 2023ی عێراق.

**خشتەی 6: داهاتی نەوتی عێراق بەپێی پرۆژەیاسای بودجە لەنیوەی یەکەمی 2023**

| بڕی داهاتی نەوت بەپێی بودجە 2023 لە نیوەی یەکەمی 2023 | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **مانگ** | **تیکڕای ڕۆژانە/ ملیۆن بەرمیل** | **بڕی هەناردەکراو/بەرمیل** | **هەناردەی ناوەڕاست و باشووری عێراق/بەرمیل ڕۆژانە** | **هەناردەکراو لە هەرێمی کوردستان/ بەرمیل ڕۆژانە** | **داهاتی مانگانە /دۆلار** | داهاتی مانگانە /دینار |
| کانوونی دووەم | 3,500,000 | 108,500,000 | 3,100,000 | 400,000 | $7,595,000,000.0 | **د.ع. 9,873,500,000,000** |
| شوبات | 3,500,000 | 98,000,000 | 3,100,000 | 400,000 | $6,860,000,000.0 | **د.ع. 8,918,000,000,000** |
| ئادار | 3,500,000 | 108,500,000 | 3,100,000 | 400,000 | $7,595,000,000.0 | **د.ع. 9,873,500,000,000** |
| نیسان | 3,500,000 | 105,000,000 | 3,100,000 | 400,000 | $7,350,000,000.0 | **د.ع. 9,555,000,000,000** |
| ئایار | 3,500,000 | 108,500,000 | 3,100,000 | 400,000 | $7,595,000,000.0 | **د.ع. 9,873,500,000,000** |
| حوزەیران | 3,500,000 | 105,000,000 | 3,100,000 | 400,000 | $7,350,000,000.0 | **د.ع. 9,555,000,000,000** |
| | | | | | | |
| **کۆی گشتی** | **21,000,000** | **633,500,000** | 3,100,000 | **72,400,000** | **44,345,000,000** | 57,648,500,000,000 |

## کۆتایی

خەمڵاندنەکان یاخود پشتبەستنەکانی خەرجی و داهاتەکانی عێراق وەک ئەوەی لە بودجەدا هاتووە لە گەڵ ئەوەی جێبەجی دەکرێت جیاوازی گەورەی تێدایە، سادەترین نموونە بڕی هەناردەکردنی نەوتی ڕۆژانەیە کە 3.5 ملیۆن بەرمیلە، بەڵام بەتێکڕا توانراوە 3.29 ملیۆن بەرمیل هەناردە بکرێت.

لەڕووی داهاتەوە، بەتایبەتی داهاتی نانەوتی نەک هەر زیاد نەکراوە بەڵکوو قەرزی هاتووەتە سەر. لەکاتێکدا لەیاساکەدا چاوەڕواندەکرا 13% داهاتی نانەوتی کۆبکرێتەوە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا خوار 1% داهاتی نانەوتی هاتووە و 99% لە داهاتی نەوتەوە بووە.

ئەم جیاوازییانەی داهات و خەرجییەکان وەک ئەوەی لە بودجە ولە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی داراییدا هاتووە لەلایەک و ئەو جیاوازییەی لە ژمارەکانی یاساکەدا هەیە، کە بەگشتی سەروو 1 تریلیۆن دینارە و بەتەنیاش لە بەشە بودجەی پارێزگای ئەنبار 30 ملیار دینارە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وردەکارییەکانی ئەو 65 دامەزراوە، وەزارەت و پارێزگایانەش وردتر بکرێتەوە شتی نوێ دەبینین.

لە کۆتاییدا، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە بەغدا 6 دۆلاری بۆ خەرجی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوتی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان داناوە، لەکاتێکدا لە دەرەوەی پارەی تەرخانکراوی ساڵانە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی عێراق کە بڕەکەی 15 تریلیۆن دینارە، تیچووی هەر بەرمیلێک نەوت لە عێراق 7 بۆ8 دۆلارە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە هەمووان دەزانن پێکاتە و تیچووی بەرمیلێک نەوت لە

هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترە لە عێراق، نەوەکو تەنیا بەهۆی کاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەڵکوو بەهۆی پێکاتەیی جیولۆجی بیرە نەوتییەکان و ژینگەی تایبەتی کێڵگە نەوتییە دۆزراوەکان لە هەرێمی کوردستانە کە تیچووەکەی ئەو بڕە نییە و نزیکیش نییە لەو بڕەی کە عێراق بۆ بەرهەمهێنانی بەرمیلێک نەوت باسی دەکات.